# پرسی دادپەروەریی (عەدالەت) لە ڕۆژنامەی (کوردستان) ١٨٩٨ - ١٩٠٢

**پ.ی.د.مەغدید خدر ئەحمەد سەپان**
بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
magded.sapan@su.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە:**

دەرکردنـــی یەکەم ڕۆژنـــامەی کـــوردی بەنـــاوی: "کوردســـتان" لە ٢١ی نیســانی ١٨٩٨ لە قــاهیرە، بـۆ گەلـی کـورد، کـردنەوەی دەرگــایەکی مەزن و پێویست بوو، لەو ڕێگایەوە کورد بتوانی درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆی بدات و هێمنانە و لەسەرخۆ، بۆ خەبات و تێکۆشان ئامادەی بکا. دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لەلایەن میرێکی کورد، ئەو خەباتەی ئاسانتر کرد، چونکە خوێنەران، وەک خۆی پەیام و ئامۆژگارییەکانیان وەردەگرت.

لە یەکەم ڕۆژنـامەی کـوردی، هەمـوو ئەو بابەتـانەی لەدەرگایـان دەدرا، جاری یەکەم بوون لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەسـەریان بنووسـرێ، لە ڕاسـتیدا هــیچ ڕەچێتەیەکـیش نەبـوو، کە میقـداد مەدحەت بەدرخـــان و عەبدولڕەحمان بەگی برای لەسەری بڕۆن، کە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەیان چۆن پــڕبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا بە هەڵســـەنگاندنی یەکەم ڕۆژنـــامەی کـــوردی تێدەگەین، کە کوڕانی مەدحەت بەگ لە میسر و لە ئەوروپا، ڕۆژنامەیەکیان بە نـاوەڕۆکێکی زۆر دەوڵەمەند و تێر دەرکردووە، هەتـا یەک کورد لەژیـان مابێ، شانازی پێوە بکا.

بە خوێنـــدنەوەی هەمـــوو ژمارەکـــان دەردەکەوێ، کە ڕۆژنـــامەی "کوردســـتان" لە دەرگــای هەمــوو ئەو بابەتــانەی داوە، کە بــۆ کۆمەڵگــای کــوردەواری نەک تەنیــا ئەو کــات، بەڵکــو هەتــا ئێســتاش زۆر گــرنگن و هەنــووکەیی خۆیــان لەدەســت نەداوە لەوانە: مێــژوو، سیاســەت، ئەدەب،

کـۆمەڵایەتی، پەیوەنـدی نێـودەوڵەتی، عەدالەت، پەروەردە...هتـد. کـوڕانی بەردخـان بەگ، توانییـان بنـاغەیەکی زۆر بـاش و جـوان و پـتەوی ڕۆژنامەگەریی کوردی دابمەزرێنن.

جاری یەکەمە توێژینەوەیەک لەسەر بابەتی: دادپەروەری – عەدالەت لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکرێ، کە پێشتر لایەکی شاراوە بووە و توێژەرانی کورد نەک لەسـەر نـاوەڕۆکی یەکەم ڕۆژنـامەی کـوردی، بەڵکـو لەسـەر ڕۆژنامەکانی دواتر و سەردەمیشیان نەنووسیووە. پشتگوێخستنی ئەو لایەنە گرنگە، بۆشـاییەکی گەورەی لە ڕۆژنـامەگەریی کـوردی دروسـتکردووە و نەتوانـدراوە وەک پێویسـت سـوود لە مێـژوو و ئەزموونەکـانی ڕابـردوو وەربگیردرێ لێیەوە فێربین، بۆیە ئەگەر کەموکورتییەک لە ڕۆژنامەگەریی کوردی ئێستا هەبێ، دەکرێ بە یەک لە هۆکانی دابندرێ.

لەو توێژینەوەیە دا بەناوی: (**عەدالەت لە ڕۆژنـامەی "کوردسـتان"**)، زۆر بە وردی بـاس لە عەدالەت لە کۆمەڵگـای کـوردەواری ئەو سـەردەم کـراوە، هەروەها چەند جار و لە چەند ژمارە و لاپەڕە و چ بابەتێک ناوی هـاتووە و ئامـانج لە باسـکردن و نووسـین لەسـەر ئەوە چ بـووە، هەمـووی پەنـجەی بـۆدرێژکراوە و بە وردی بـاس و شـیکردنەوەی بۆکراوە. هەروەهـا بـاس لە مانـا و سـەرهەڵدانی عەدالەت – دادپەروەری لە مێـژوو و شارسـتانیەتی یۆنانی کۆنیش بە کورتی کراوە.

**وشـە سـەرەکییەکان:** ڕۆژنـامە، ڕۆژنـامەی کوردسـتان، عەدالەت، میقداد مەدحەت بەدرخان، عەبدولرەحمان بەدرخان بەگ.

**پێشەکی**

مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لکێکی دروست و بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهاندا، ئەگەرچی (٢٨٩) ساڵ جیاوازی لە نێوان دەرچوونی یەکەم ژمارەیاندا هەیە و هەلومەرجی دەرچوون و پێشەکەوتنیش بە ئاراستەی جیا بووە. ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، ئاوێنەی ژیان و خەباتی دانەبڕاوی گەلی کورد بووە، بۆیە پڕیەتی لە بەرزی و نزمی، ئاوارەیی و دەربەدەری، کە لە یەکەم ڕۆژنامەوە بەناوی "کوردستان" دەستی پێکرد و لە ماوەی پێنج ساڵ شەش جار شوێنی دەرکردنی گۆڕدرا و بە هەمووشی (٣١) ژمارەی چوار لاپەڕەی نزیک لە (A4) لێدەرچوو، لەگەڵ ئەوەش خزمەتێکی گەورەی بە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی جیهان و هەرێم و زمان و ئەدەبی کوردی کردووە.

مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە ڕۆژنامەی "کوردستان" دەستپێکرد، کە ژمارەی یەکی لە ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچوو. پێشتر ڕۆژێک درەنگتر (٢٢ی نیسان) بۆ دەرچوونی ژمارە یەک داندرابوو، بەڵام لە بەدواداچوونی فەرهاد شاکەلی و بڵاوبوونەی گوتارێکی لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) لە نیسانی ٢٠٠٧ لە ژمارە (٤١٣)، ئەو مێژووە ڕاستکرایەوە.

هەتا لەچاپدانەوەی زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" جگە لە ژمارەکانی (١٠-١٢-١٧-١٨-١٩) لەلایەن د. کەمال فواد لە ساڵی ١٩٧٢، نەک ڕۆژی دەرچوون، بەڵکو ساڵی دەرچوونیشی ساغ نەکرابۆوە. بە هیممەتی زانا و توێژەرانی کورد، لەو سی ساڵەی دوایی ژمارە بزرەکانی جگە لە ژمارە (١٩) دۆزرانەوە.

لە دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، هەقیقەتێک هەیە و دەبی بنووسرێ، کە دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە بەرنامە و پلانێکی تۆکمە نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی نەخۆشکەوتنی میقداد مەدحەت بەدرخان و چوونی ئەو بۆ قاهیرە، ئەو دەرفەتە ڕەخساوە، کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی چاپبکا، چونکە لە ناو دەوڵەتی عوسمانی بە هیچ شێوەیەک ڕێگای نووسین و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە هیچ کوردێک نەدەدرا. بۆ

پشتڕاستکردنەوە لەو هەقیقەتەی سەرەوە، لە ژمارە (١٣) عەبدولرەحمان بەدرخان نامەیەک لە ڕۆژنامەکەی بڵاودەکاتەوە، کە لە کوردستانەوە بۆی ڕەوانە کرایە و نووسەری نامە، لەسەر ڕەوشی کوردستان و خوێندنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەو جۆرەی خوارەوەی نووسییە: (افه دوس هیفه جریدەیا کردستانی تیت ولاتین مه لی مأمورین حکومتی ناهیلن ام سربست بخونن دکرن دست کی ببینن وی مرو فی حبس واذا دکن دیسا ژی کرمانج حمی کلک میلا جریدەیی دکن ژی نابورن).

هەڵبژاردنی قاهیرە بۆ چارەسەر، پەیوەندی بەو بڕیارەی محەمەد عەلی پاشا هەیە، کە لە ساڵی ١٨١٥ (٤) هەزار دۆنم زەوی بە ئەندازیار عەلی عالی بەدرخان لە ناوچەکانی (قەلەم شا) و (اطسا) دەدات و دواتر نازناوی (پاشا)ی پێدەدا. (عونی، زاید، عوض، ٢٠١١، ل.١٢٦–١٢٧) لەدوای عەلی عالی بەدرخان، ئەندامانی خانەوادە، ژمارەیان لە میسر زیادی کردووە و چوونی میقداد مەدحەت بەدرخانیش، جگە لە چارەسەر، پەیوەندی بە بینین و بەسەرکردنەوەی خزمانی ئەولا هەبووە.

ئەم تویژینەوەیە بەناوی: (عەدالەت لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی "کوردستان"، تویژینەوەیەکی شیکاریی ناوەڕۆکە، بابەتێکی هەنووکەییە و لەپاش ١٢٥ ساڵ، هێشتا هەنووکەیی خۆی لەدەست نەدایە و ئێستاش دەتوانی خزمەتێکی باش بە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی بکا، چونکە هیچ گوتارێک، تویژینەوەیەک، کتێبێک لەسەر ئەو بابەتە بە زمانی کوردی نەنووسراووە، هەر بۆیە وەک پێویست نەتواندراوە سوود لە ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەیە وەربگیرێ.

ئەم تویژینەوەیە، لە پوختە و پێشەکی و سێ بەش لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتییە. بەشی یەکەم تایبەتە بە میتۆدنامەی تویژینەوە، کە کێشەی تویژینەوە و ئامانجی تویژینەوە و گرنگی و ڕێبازی تویژینەوە و کۆمەڵگای و سامپڵی تویژینەوە لەخۆی دەگرێ، لە بەشی دووەم بە کورتی باس لە ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی ناو دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی دراوسێ کراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر تێبگا، کە هۆی دەرنەچوونی یەکەم

ڕۆژنامەی کوردی زووتر و لەناو خاکی کوردستان، پەیوەندی بە کورد خۆیەوە نەبووە، بەڵکو زیاتر بە ئازادی نووسین، ڕەقابەی توندی سوڵتان عەبدولحەمید و نەبوونی چاپخانە لە کوردستان هەبووە. هەر لەو بەشە، بە کورتی باس لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی وڵاتانی دراوسێ کراوە، پیشانی دەدا، ئەگەرچی ئەوان، خاوەن ئاڵا و حکومەتی خۆیانبووین، لەگەڵ ئەوەش جیاوازی دەرچوونی ڕۆژنامە لە نێوان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی، فارسی یان تورکی گەلەک زۆر نەبووە.

هەر لەو بەشە، بە کورتی و بە چەند دێڕێک باس لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهان کراوە، هەتا ئێمە لە جیاوازی نێوان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان لە هەمان سەردەم (١٨٩٨) تێبگەین. لەوکاتەی کورد ڕۆژنامەیەکی چوار لاپەڕەی لە میسر و لە ئەوروپا چاپدەکرد و بە نهێنی بۆ کوردستانی دەناردەوە، لەوێندەر بۆ هەر (٥٠٠) کەس، ڕۆژنامەیەک دەرچووە. جیاوازییەکە زۆر گەورەیە و نایەتە نووسین، کە ئەمەش ناڕاستەوخۆ، مێژوویەکی تاڵی گەلێکی ستەملێکراوی پیشان دەدا.

بەشی سێیەم پێناسەی دادپەروەری لە مێژوو کراوە، هەروەها باس لە دادپەروەریی لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کرایە. دادپەروەری، بابەتێکی یەکجار گرنگە و هەتا ئێستا لە ڕۆژنامەکانی کوردی هیچ نووسین و توێژینەوە و شیکردنەوەیەکی بۆ نەکراوە و بەتەواوی پشتگوێخراوە، کە من ئەوە بەکارێکی باش و دروست نابینم.

لە ڕاستیدا، ئەوە جاری یەکەمە، توێژەرێک لە دەرگای ئەو بابەتە دەدا، بابەتێک پاش (١٢٥) ساڵ هێشتا، تام و بۆن و گەرمیی خۆی لەدەست نەداوە.

ئامانج لەو توێژینەوە، لەلایەک قووڵبوونەوەیە لە پرسی (دادپەروەری) بە شێوەیەکی گشتی و لە ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بەتایبەتی، لەلایەکی دیکەش، ڕاکێشانی سەرنجی نووسەر و توێژەرانی دیکەیە، هەتا زیاتر لەسەر ئەو بابەتە و بابەتەکانی دیکەی ناو یەکەم ڕۆژنامەی کوردی "کوردستان" کاربکەن و بنووسن و نەوەی نوێ وانەیان لێوەربگری.

## بەشی یەکەم:
## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە "میتۆدنامە"

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**

ئەو خاڵە بنەڕەتییە، کە توێژینەوەی زانستی لێوەی سەرچاوە دەگرێت، کێشەی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت ناڕوونییەک هەیە سەبارەت بەوەی، لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا تا چەند بایەخ بە پرسی دادپەوەریی"عەدالەت" دراوە وەک پرسێکی گرنگ قسەوباسی لەبارەوە کراوە.

**دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستەڕوو و بایەخدانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە بە پرسی عەدالەت و خوێندنەوەیەکی مێژوویییە بۆ ناوەڕۆکی لاپەڕەکانی چەند ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لەڕووی بایەخدانەوە بە پرسی عەدالەت وەک پرسێکی گرنگ لەو هەلومەرج و دۆخەدا، کە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" تێیدا دەرچووە و بڵاوکراوەتەوە.

**سێیەم: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ کۆکردنەوەو خستنەڕووی داتاکانی، پشتی بە ڕێبازی ناوەرۆک شیکاری وەک یەکێک لە ڕێبازە باوەکانی توێژینەوەی بواری میدیا بەستووە.

**چوارەم: کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە (١٨) ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە کۆی (٣١) ژمارە، چونکە تەنیا لەو (١٨) ژمارەیە، وشەی عەدالەت بەکارهاتووە، کە بەشێوازی سامپڵی مەبەستدار دەستنیشانکراون.

**پێنجەم: بایەخی توێژینەوە**

گرنگی ئەو توێژینەوە لەوەدایە، کە هەردوو برا میقداد مەدحەت بەدرخان

و عەبدولڕەحمانی بەگی برای، زوو درکیان بە نەبوونی عەدالەت لە کوردستان کردووە و کێشە گەورەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەوکاتیان، بە نەبوونی عەدالەت لەناو دەوڵەتی عوسمانی بەستۆتەوە.

## بەشی دووەم:
## ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە دەوڵەتی عوسمانی
## پێش دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی

حەفتاکانی سەدەی نۆزدە، بە قۆناغێکی گەش و ڕووناک لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی دەوڵەتی عوسمانی لەقەڵەم دەدرێ، چونکە لە ساڵی ١٨٧٦ تەنیا لە ئیستانبۆل زیاتر لە ٧٢ ڕۆژنامە لەوانە: ١٦ بە زمانی تورکی، یەک بە زمانی عەرەبی، یەک بە زمانی فارسی، یەک بە زمانی ئەڵمانی، یەک بە زمانی ئینگلیزی، ١٢ بە یۆنانی، ١٣ بە ئەرمەنی، ٤ بە بولغاری، دوو بە ئیسپانی، یەک بە زمانی ئیتالی، ٢٩ بە زمانی فەڕەنسی دەرچوون (Байбатырова، ٢٠١٠، ل. ٢٥).

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و لەسەردەمی حوکمڕانی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٧٦-١٩٠٩)، ئازادی ڕادەربڕین و نووسین، بە تەواوی خەفەکرا، ڕێگا بە دەرکردنی هیچ ڕۆژنامە و گۆڤار لە ئیستانبۆل نەدەدرا، بۆیە ئەگەر تەنیا لە ئیستانبۆل لە ساڵی ١٨٧٠ نزیکەی پەنجا ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی تورکی دەرچووبن، ئەوا لە ساڵی ١٨٩٨ بە هەمووی سێ ڕۆژنامە و چەند گۆڤارێک بە تیراژی کەم دەردەچوون (هەمان سەرچاوەی پێشتر، ل. ٢٦ - ٢٧).

ئەوەش ئاماژەیە بەوەی، کە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی و لەناو دەوڵەتی عوسمانی، کارێکی ئەستەم بوو، چونکە لە ساڵی ١٨٩٧ بە فەرمانی ڕاستەوخۆی سوڵتان، کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوون لەبارەی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی بڕیاری پێشتری کۆمیتەی چاپکردنی کتێب لەناو خاکی عوسمانی بە هەموو زمانەکان دامەزرا. (هەمان سەرچاوەی پێشتر، ل. ٢٦).

## یەکەم دامەزرێنەری ڕۆژنامەی کوردی

پێنج ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردی "کوردستان" لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان لە قاهیرە دەرچوو. میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ چارەسەری نەخۆشی دەچێتە قاهیرە، دەرفەتی بۆدەڕەخسێ، کە ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربکا. هەرچەندە، زانیاریی زۆر لەسەر ژیانی میقداد مەدحەت بەدرخان بەردەست نییە، بەڵام بەگوێرەی نووسینێکی سورەیا بەدرخان، دیارە بەڕێزیان بۆ چارەسەری نەخۆشی بۆ میسر چووە. سورەیا بەدرخان لە سەروتاری ژمارە یەکی ڕۆژنامەی "کوردستان" (خولی دووەم - ١٩١٧) دەنووسێ: لە ساڵی ١٣١٤ (١٨٩٧) میقداد کوڕی میر مەدحەت بەگ کوڕی میر بەدرخان بۆ میسر چوو، لە قاهیرە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەرکرد. (مستەفا، ٢٠٠٢، ل. ١٠٥) لەسەر هەمان بابەت، میکائیل جان پۆلاتیش دەنووسێ: میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ چارەسەری نەخۆشی سینگی لە ساڵی ١٨٩٨ دەچێتە میسر و لەوێندەر بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک دەکاتەوە. (پۆلات،٢٠٠٢، ٢٢١). ژمارەکانی دوایی، کە ژمارە ٣١ لە لایەن عەبدولرەحمان بەدرخان دەرچوون و لە ماوەی ژیانی شەش جار شوێنی دەرچوونیان گۆڕدراوە.

## یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی: "کوردستان"

لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ڕۆژنامەی "کوردستان" بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەقەڵەم دەدرێ.

ڕۆژ و ساڵی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" پێش لە چاپدانەوەی لە ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن د. کەمال فوئاد، بۆ نووسەر و زانایانی کورد و بیانی زۆر ڕوون نەبوو. محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی (مێژووی کوردستان) نووسیویەتی، کە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ساڵی ١٨٩٤ لەلایەن بەدرخان بەگ دەرچوو. (دلگەش، ٢٠١٧، ٧١). هەروەها کریس کۆچێرا دەنووسێ: مەدحەت بەگ بەدرخان لە ساڵی ١٨٨٧ دا یەکەمین گۆڤاری کوردی بەناوی: "کوردستان" لە قاهیرە دامەزراندبوو. (کۆچیرا، ٢٠٠٧، ٢٠). هەتا پێش ئاشکراکردنی فەرهاد شاکەلی، هەموو نووسەرانی کورد ڕۆژی دەرچوونی

یەکەم ژمارەیـان بە ٢٢ی نیسـان لەقەڵەم دەدا، بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەو ڕۆژە هەڵەیە و ڕۆژی ٢١ی نیسان دروستە.

**دەنگدانەوەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی**

دەرچـوونی ڕۆژنـامەی "کوردسـتان" لەکـاتی خۆیـدا، سـەدایەکی زۆری هەبـوو و کۆمەڵێک ڕۆژنـامە و گۆڤـاری ئەوسـەردەم لەسـەریان نووسـی. لە گۆڤـاری (الهـلال)ی میسـری لە ژمـارە ١٧ی ئایـاری ١٨٩٨ هەواڵێک لەسـەر دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" بڵاوکراوتەوە و بەوجۆرە دەستیپێکردووە: (کوردسـتان یەکەمـین ڕۆژنـامەی کـوردییە، کە لە جیهانـدا بە زمـانی کـوردی دەرچووبێ).

لە گۆڤاری (La Diplomatie)ی فەرەنسی لە لاپەڕە سێ و ژمـارە ٢٩، کە لە مایسی ١٨٩٨ دەرچووە، باس لە هەبوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکا.

جـگە لە هەواڵـی دەرچـوون، لە ڕۆژنـامە و گۆڤارەکـانی ئەو سـەردەم، بەردەوام لەسـەر ڕۆژنـامەی "کوردسـتان" و عەبـدولرەحمان بەدرخـان نووسراوە.

لە ژمارەی ٢٢ی ڕۆژنامەی "عوسمانلی" کە لە ١٥ی کانوونی یەکی ساڵی ١٨٩٨ دەرچـووە نووسـراوە: بـرادەری ئـێمە عەبـدولڕەحمان بەگ بەدرخـان پاشـازادە، بۆ دەرخسـتنی ڕۆژنـامەی "کوردسـتان"، کە لە میسر چاپ دەکرا، گەیشتۆتە شاری ئێمە و لە چاپخانەی ئێمە ژمارەکانی شەش و حەوت چاپ کـراوە. (دلـگەش،٢٠١٧، ٤١). (ڕۆژنـامەی عوسـمانلی (١٨٩٧ - ١٩٠٤) ڕۆژنامەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی بوو، سەرەتا لە جنێف، دواتر لە لەندەن و ئینجـا لە قـاهیرە دەردەچـوو. عەبـدوڵلا جەودەت و ئیسـحاق سـکوت لە دەرکردنی بەشداربوون.).

لە ژمارەی ٤٩ ڕۆژنامەی عوسمانلیدا، کە لە کانوونی یەکی ساڵی ١٨٩٩ هـاتیتە وەشـاندن لەسـەر گەڕانەوەی عەبدولڕەحمان بەدرخـان لە میسـر بەو جۆرەی خـوارەوە بڵاوکراوتەوە: عەبدولڕەحمان بەدرخـان بەگ لەو نزیکانە، دوو سـاڵ لە جنێڤ بەنـاوی: "کوردسـتان" ڕۆژنـامەیەکی کـوردی بە کـوردی دەردەکرد. (دلگەش،٢٠١٧، ٤١).

"لە ژمارە ٦٥ لە عوسمانلی ئاگادارییەک لەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان" بەوجۆرەی خوارەوە بڵاوکراوتەوە: برادەری ئێمە عەبدولڕەحمان بەگ بەدرخان پاشازادە، هەفتەی ڕابردوو گەیشتە لەندەن، چونکە کەموکورتییەکانی چاپخانەی ئێمە چاکراین، بۆیە دەرکردنی "کوردستان" چەند هەفتەیەک دواکەوت. (دلگەش،٢٠١٧، ٤١). "لە ژمارەی ٣٥ی عوسمانلی (١ی گولانی ١٨٩٩) لەسەر "ڕۆژنامەی کوردستان" نووسینەک هەیە. (هەمان سەرچاوەی پێشتر). "لە ژمارە ٣١ لە ڕۆژنامەی الخلافة – El Hilafete، کە لە ١٥مین چلەیێن پێشی ساڵی ١٩٠٠ هاتۆتە دەرچوون، لەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان" هەواڵێک هەیە (دلگەش،٢٠١٧، ٤١). لە ژمارە ٢٢٦ی (Nurdare – سەد ساڵی تازە)، کە لە ١٣مین چلەی ساڵی ١٩٠٠ دەرچووە، باس لە عەبدولڕەحمان بەگ دەکات. لە ژمارەی ١ی (Drusake) لە کانونی دووی ١٩٠١ دەرچووە، لە ژمارە چوار، کە لە حوزەیرانی ١٩٠١ چاپ کرایە، باس لە عەبدولڕەحمان بەدرخان و ڕۆژنامەی ئەو کراوە. هەروەها لە ژمارە چواری کۆڤاری Pro Armenia، کە لە ساڵی ١٩٠٠ چاپکرایە و لە ژمارە ٤٥ی کۆڤاری ئەناهیت-Anahit باس لە عەبدولڕەحمان بەدرخان و ڕۆژنامەی ئەو کراوە. (دلگەش،٢٠١٧، ٤٢).

ڕۆژنامەی عوسمانلی لەندەن: ژمارە ٦٥ لە ١ی ئابی ١٩٠٠ نووسراوە: هەرچەندە برامان عەبدولڕەحمان بەدرخان هاتۆتە لەندەن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی، بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی کەموکورتییەکانی چاپخانەکەمان، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دواخراوە. (مالمیسانژ، ٢٠١٢، ١٤٤).

سوڵتان عەبدولحەمید و حکومەتی ئیستانبۆل، بە هەموو شێوەیەک دژ بە دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" وەستانەوە و هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەڕ، بۆئەوەی ڕۆژنامەکە دابخەن و میقداد مەدحەت بەدرخانیش لە ژێر هەڕەشەی جیا، بۆ ئیستابنۆل بگەڕێننەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە قاهیرە، بەڕێوەبەرایەتی عەبدولحەمیدی دووەم، دەستبەجێ و بەر لە دەرچوونی

ژمارەی دوو، هێنان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بۆ ناو پارێزگاکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی قەدەغە کردووە. "بەپێی فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی جەنابی سوڵتان، هێنانی ڕۆژنامەیەکی کوردی، کە بە ئیمزای میقداد مەدحەت بەدرخان پاشازادە لە میسر دەردەچێ، بۆ هەموو پارێزگاکانی پادشایەتی، بەتایبەتیش بۆ پارێزگاکانی ئەنادۆڵ قەدەغەیە. لەو بارەیەوە فەرمان، فەرمانی وەلی ئەمرە. ٣ی نیسانی ١٨٩٨. (دلگەش،٢٠١٧، ٤٢) پێدەچێ داتای سەر ئەو تەلەگرامە هەڵە بێت و (٣٠) بێت، چونکە لەو ڕۆژە، هێشتا ژمارەی یەکی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەرنەچووە.

"ڕۆژی ٣ی نیسانی ١٩٠١ لە فەرمانێکی بەڕێوەبەرایەتیی پایەبەرزی حەزرەتی سوڵتان ئاگادار کرابوونەوە، سەبارەت بە ڕێگرتن لە هێنانی کاغەزێکی گڵاوی مەلعوونانە – مەبەستی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە بۆ ناو خاکی ویلایەتەکانی پادشایی، کە لەلایەن یەکێک لە هەڵاتووەکانەوە بەناوی عەبدولڕەحمان بەدرخانەوە لە میسر بە زمانی کوردی و تورکی بۆ کوردان بڵاو دەکرێتەوە. (مالمیسانژ، ٢٠١٢، ١٥٥) بە گوێرەی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی "نوردار"، کە ساڵی ١٩٠٠ بڵاوکراوەتەوە، ڕۆژنامەی "کوردستان" هەوڵی داوە (لەو شوێنانەی: ئەلبانی، ڕۆمانی، ئاشووری، عەرەب، ئەرمەن و کورد دەژین، ڕژێمێکی فیدراڵی پێکبێ و ڕژێمی سوڵتان بڕووخێنێ). (مالمیسانژ، ١٦١،٢٠١٢).

**ڕۆژنامەی کوردستان و پشتگیریی لە خەباتی ئەرمەنییەکان دا**

"یەک لە ئەرکە گرنگەکانی رۆژنامەی "کوردستان"، ئەوەبوو، کە عەبدولڕەحمان بەگ بەردەوام بەرگری لە دۆستایەتی کورد و ئەرمەن کردووە و هەوڵیداوە، سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، بۆ بەگژچوونی یەکتر ئاشکرا بکرێ. لە ژمارەکانی: ٧، ١١، ١٣، ١٤، ١٧، ٢٦، هەروەها لە ژمارە ٢٨ باس لە لیواکانی سوارەی حەمیدییە دەکا، کە بۆ دژایەتیکردنی ئەرمەن پێکهێندراوە"(مالمیسانژ،٢٠١٢، ٢٥).

## کورتە مێژوویەک لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەگەریی لە جیهان و وڵاتانی دراوسێی کوردستان دا

ئەو بەشە، بۆ ئەو توێژینەوەیەمان پێویستە، بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین، دەرکردنـــی یەکەم ڕۆژنـــامەی کـــوردی، ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ یەکەم ڕۆژنامەی جیهان، درەنگ دەرچووبێ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی وڵاتانی دراوسێ، جیاوازییەکەی بەو ئەندازەیە زۆرنییە.

یەکەم ڕۆژنـــامەی ئەوروپـــی، کە بە ڕێکـــوپێکی دەرچـــوو ڕۆژنـــامەی Zeitung ئەڵمانی بوو، ژمارە یەکی لە ساڵی ١٦٠٩ دەرچوو. (Andersson، ١٩٩٨، ١٧١). یەکەم هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەی تورکی بەناوی: (تەقویمی وەقائیعی) لە ئیستانبۆل لە سییەکانی سەدەی نۆزدە درا. لەو ڕۆژنامەیە، فەرمان و بەیانەکانی سوڵتانی تێدا چاپ دەکرا. بیست ساڵ ڕەتی کرد، ئینجا ڕۆژنامەی دووەم بەناوی: (Docheridei Hawadis) (کۆکراوەی هەواڵەکان) دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە، هەندێ جار بە تیراژی ٣٠٠٠ دانە چاپ دەکرا. (Новомбергский، ٢٠٠٢، ١٨٠). بەڵام یەکەم ڕۆژنامە بەزمانی بیانی لە ناو تورکیا و تەواوی دەوڵەتی عوسمانی بەناوی: (Bulletin de Nouvelles) بە زمانی فەرەنسی دوو هەفتە جارێک لەلایەن سەفارەتی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٩٥ دەرچـــوو. لەم بـــولێتینە بـــاس لە ڕووداوەکـــانی ئەوروپـــا دەکـــرا. (Новомбергский ، ٢٠٠٢، ٦٨).

ئەگەر باس لە وڵاتانی عەرەبی بکەین، دیارە یەکەم چاپخانە بۆ وڵاتی میسر لە ساڵی ١٧٩٨ فەرەنسییەکان لەگەڵ خۆیان برد. جگە لە چاپکردنی فەرمـان و ڕێنماییەکـانی سـەربازیی خۆیـان، ڕۆژنامەشـیان پـێ چـاپکرد. وەرگرتنـــی دەســـتەڵات لەلایەن مـــحەمەد عەلـــی پاشـــا (١٨٠٥-١٨٤٨) و دامەزراندنی نیزامێکی تازە، بووە یارمەتی، کە حکومەتی میسری ڕۆژنامەی خۆی بەناوی: (الوقائع المصرية) دەربکا (متولي، ١٩٨٠، ١).

بەوجۆرە، میسر یەکەم دەوڵەتی عەرەبییە، لەگەڵ ڕۆژنامە ئاشنا بوو. ناپلیۆن بووە یارمەتیدەری میسرییەکان، بڵاوکراوە بە زمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی دەربکەن و پەیامی خۆیان لە ڕێگایەوە بۆ جەماوەری میسر

بگەین. ناتواندرێ پشتیوانی و یارمەتی ئەوکاتی ناپلیۆن و ڕۆژنامەکانی فەرەنسی، بە ڕۆژنامەی عەرەبی لەقەڵەم بدرێ، ئەگەرچی ناپلیۆن دوو ڕۆژنامەی بە زمانی فەرەنسی لە میسر دەرکرد. ڕۆژنامەی یەکەم بەناوی: (COURIER DE L`EGYPTE) "کوریێر دێ لێئیگیپتێ" لە ٢٩ ئابی ١٧٩٨ دەرکرد. ڕۆژنامەی دووەم لە ١ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ بەناوی: ( LA DECADE EGYPTIENNE) "لا دیکادێ ئیگیپتیێنێ" دەرچوو. گۆڤارێکی زانستی بوو و بایەخی بە کاروباری میسر و بواری تایبەتی میسری دەدا (کامل،٢٠٢٠، ١٧).

محەمەد عەلی ڕۆژنامەگەریی میسری دامەزراند. یەکەم گۆڤاری بۆ ڕێکخستنی ئیدارە دەرکرد، کە بەڕێگایەوە ئاگاداری هەرێم و ناوچەکان و وڵات ببی، بۆیە لە کۆتایی هەر مانگێک و کۆتایی هەر ساڵێک بڵاوکراوەیەک بەناوی: "ژورنال" دەردەچوو. دواتر ئەو ژورناله هەفتانە و لەکاتی پێویستیش ڕۆژانە دەردەکرا. ئەو ژورنالانە لە چاپخانەی قەڵات چاپ دەکران، کە محەمەد عەلی دایمەزراندبوو. ئەو ژورناله بە تیراژی سەد دانە چاپ دەکران، کە هەمیشە خەبەری ڕەسمی تێدا بڵاودەکرایەوە (کامل،٢٠٢٠، ٢٠).

یەکەم ڕۆژنامە (مانگنامە)ی ئێرانی بەناوی: "اخبار" لە (دار الخلافه طهران) لە ١ مایسی ١٨٣٧ لە دەورەی سەڵتەنەتی محەمەد شای قاجار لەلایەن میرزا محەمەد صالح شیرازی کازرونی دامەزرا. ئەم ڕۆژنامەیە بەناوی جیا جیای وەک: "کاغذ اخبار"، "اخبار"، "اخبار وقایع شهر"، "اخبار شهر"، "نشریه میرزا صالح"، "روزنامه بی نام"، "اولین روزنامه ایرانی" دەردەچوو.

لەکاتی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (٢١ی نیسانی ١٨٩٨)، ڕۆژنامەگەری لە جیهان گەیشتبووە لوتکە، ژمارە و تیراژ زۆر بەرز بوو، هەر بۆ نموونە: لە ساڵی ١٨٩٧ تەنیا لە شاری پاریس ٢٣٢٧ ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچوون. لە ساڵی ١٩٠٢ لە ئەڵمانیا ژمارەی ڕۆژنامەکانی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانە لە هەندێک کات تەنیا ئەوانەی بە زمانی ئەڵمانی دەردەچوون ژمارەیان بۆ ٨٦٦٨ ڕۆیشت. لە نەمسا لە ساڵی ١٨٩٩ لە تەواوی وڵات ٢٢٥ ملیۆن دانە ڕۆژنامەی جیا چاپ دەکرا. لە ژاپۆن ڕۆژنامەکانی بە

زمانی ژاپۆنی لە ساڵی ١٨٨٦ دەردەچوون ژمارەیان گەیشتە نزیکەی ٢٠٠٠ دانە. لە هەمان قۆناغ لە ڕوسیا ١٣٥٠ رۆژنامە و گۆڤار دەردەچوون. لە ئەمریکا ڕۆژنامە و گۆڤار بە ٢٥ زمانی جیا دەردەچوون. ڕەشپێستەکانی ئەمریکا ١٣٩ رۆژنامەی خۆیان هەبوو، کە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس ئابوونەیان هەبوو (Львов ٢٠٠١، ٤٣٩).

لە ساڵی ١٨٨٠ لە ئەمریکا ١١٣١٤ ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچوون. لە ساڵی ١٩٠٠ ژمارەیان گەیشتە ٢١٢٧٢ دانە. هەموو ئەو شوێنانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە ٥٠٠ کەس ڕەتی کردبا، ڕۆژنامەی خۆیان هەبووە (Львов ٢٠٠١، ٤٤٠).

**ئاستەنگەکانی بەردەم دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان"**

دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ٢١ی نیسانی ١٨٩٨، بۆ کەسێکی ئاوارە و لە وڵاتێکی بێگانە، بە زمانی کوردی لە چاپخانەیەکی عەرەبی، بێ هەبوونی ئەزموونی پێشتری دەرکردنی ڕۆژنامە یان کارکردن لە چاپخانە کارێکە، لە گران گرانتر، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر هەموو ژمارەکان بە وردی بخوێنینەوە، تێدەگەین، کە پێشوەچوون لە نووسین و ناوەڕۆک و دیزاین و خاڵبەندی بە ئاسانی بەرچاو دەکەوێ.

ئەگەر هەر دێڕێک لە ستوونێکی پێنج ژمارەی یەکەم لە نێوان (٥٠-٥٥) ئیشارە (sign) بێت، لە ژمارە شەش بەدواوە بەتایبەتیش ئەو ژمارانەی لاپەڕەکانیان بە دوو ستوون دابەشکرایە لە نێوان (٦٠-٦٥) ئیشارەیە. لە پێنج ژمارەی یەکەم ژمارەی دێڕەکان (٢٦-٣٠) ەو، ژمارە ( ٦، ١٣) (٣٣-٣٤) دێڕە، ژمارە (٢٢) (٣١) دێڕە، لە ژمارە (٢٠) ٤٢ دێڕ هەیە.

هەبوونی ئەو جیاوازییە، لە ڕاستیدا شوێنی چاپکردن و چاپخانەمان بۆ ئاشکرا دەکا، چونکە هەر چاپخانەیەک جۆرە دیزاین و فۆنت و سایزی جیای هەبووە.

هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە دوو ستوون چاپکراوە، تەنیا ژمارەکانی (٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣) بەسەر سێ ستوون دابەشکرایە. ئەم چوار ژمارەیە لە قاهیرە چاپکراوە.

ڕۆژنامەی کوردستان دیارە شەش جار شوێنی گۆڕدراوە، بەڵام تەنیا ئەو ژمارانەی (٢٠ هەتا ٢٣) نەخشەسازی ناوەوەیان گۆڕدراوە و لە دوو ستوونی پێشتر، بوونەتە سێ ستوون، بەڵام لەو کاتەی بۆ ئەوروپا گەڕاوەتەوە، جارێکی دیکە "کوردستان" بە دوو ستوونی دەرچووە. جیاوازیی زۆر لە نێوان فۆنتەکان نابیندرێ، بەڵام لە هەندێ ژمارە سایزی فۆنتەکان گەورەیە و لە هەندێکی دیکە سایزی فۆنتەکان هەندێک گچکەترە.

## بەشی سێیەم:

### پێناسەی دادپەروەری (عەدالەت)

بابەتی دادپەروەری (عەدالەت) لە مێژووی کۆنی یۆنانەوە هەتا ئێستا گفتوگۆیەکی کراوە و بێکۆتاییە و لە هەر سەردەمە و بە جۆرێک لە جۆرەکان کاری لەسەر کراوە، بەڵام لە جەوهەردا، هەر هەموویان یەک ئامانجیان هەبووە و ویستوویانە، هاووڵاتی ماف و ئەرکی خۆی لە کۆمەڵگا بزانیت، لە چەوسانەوە و غەدر تێبگا، دادپەروەری لە کۆمەڵگا بۆ هەموو کەسێک بیت و حکومەتێکی دادپەروەریش حوکمدارییان بکا.

دادپەروەری (عەدالەت) لە ڕوانگەی فەلسەفی و لە فەرهەنگی فەلسەفە بەوجۆرەی خوارەوە پێناسەی کراوە:

**دادپەروەری:** یەک لەو چوار فەزیلە بنەڕەتییانەیە، کە پێکدێن لە: ڕێزگرتن لە یەکسانی، سەروەری یاسا، مافی تاک، یاسا وەک دامەزراوە. دادپەروەری فەرزی دەکا، کە یاسا دەبی بۆ هەموو کەس وەک یەک بێت (*Конт-Спонвиль*، ٢٠١٢، ٧٥٢ ).

فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن بەتایبەتیش پلاتۆن و ئەرستیتۆتل هەوڵیاندایە، شیکردنەوە بۆ عەدالەت بکەن و جۆرەکانی بۆ جەماوەر ڕوونبکەنەوە.

ئەرستیتۆتل (٣٨٤–٣٢٢ پ. ز.) دوو جۆر عەدالەتی دەبینی و ئەو تێگەیشتنەی ڕوونکردەوە، کە دەکرێ مانای ئەو چەمکە وەک ڕەنگدانەوەی یاساکان لەبوارەکانی ناو کۆمەڵگا لێکبدرێتەوە.

ئەریستۆتێل دادپەروەی بەسەر چەند جۆرێک دابەشکرد: دابەشکردن و

یەکسانکردن.

یەکەم پەیوەندی بە دابەشکردنی خەڵات و موڵک و قازانجەکانی تر لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگا بەپێی بنەمای کەرامەتی هەریەکەیان هەیە، کە دەکاتە ڕێژی شایستەی خۆی، هەروەها یەکسانکردنی دادپەروەریش پەیوەندی بە هەوڵێکەوە هەیە، کە بە یەک چاو سەیری لایەنەکان بکریَ. لێرە کەرامەت لەبەرچاو ناگیریَ.

ئەرستیتۆتل لەسەر هەمان پرس دەڵێ: دادپەروەری دەربڕینێک نییە، بۆ شتێکی تایبەت، بەڵکو وەک پاکێج، هەموویان بەیەکەوە لەخۆی دەگری. بۆیەش دادپەروەری تایبەتە بە (کردارێکی زۆر باش). عەدالەت یەک لە کایە هەرە گرنگەکانە و لە ئەستێرەکانی ئێواران و بەیانیان زیاتر ڕووناکی دەدات و دەدرەوشێتەوە (Аристотель، ٢٠١٩، ١٣).

**پرسی دادپەروەریی لە کتێبی پلاتۆن (٤٢٨/٤٢٧–٣٤٨/٣٤٧ پ. ز.)**

دادپەروەری یەک لە پرسە گرنگەکانی دیالۆگی (کۆماری) پلاتۆنە. لە دوو کتێبی یەکەم لەبارەی دیالۆگ، پرسی دادپەروەری و بەتایبەتیش لە لایەنی مەیدانی بە وردی باسی لێوەدەکریَ.

هەروەها بە بڕوای پلاتۆن، دادپەورەریی دەوڵەت، پەیوەندی بە یاسای بابەتی (مەوزوعی)یەوە هەیە، کە هەموو کەسێک دەبی گوێڕایەڵی بیت. لە دەوڵەتی دادپەروەر دەبیَ هەموو کەسێک بەگوێرەی توانای خۆی ئەو کارە بکا، کە ئەو پێیدەکریَ (Платона، ٢٠١٨، ٥).

**دانا – حەکیم:** (حوکمدار - فەیلەسوف) بەڕێوەی دەبەن

**قارەمان:** (جەنگاوەر - پاسەوان) شەڕدەکەن

ئەوانەی دیکەش (جوتیار و پیشەوەران، کەسانی زەوقداریش) موڵکی خۆیان وەبەردینن.

دادپەروەری تەنیا پەیوەندی بە لایەنەکانی فەلسەفی و سیاسی و یاساوە نییە، بەڵکو هەموو بوارەکانی ژیانی گرتیتەوە. هیومان ڕایتس وۆچ، دادپەروەی نێودەوڵەتی بە لێپرسینەوە و دادگایکردنێکی دادپەروەرانە بۆ تاوانەکانی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ و هەروەها، تاوانەکانی دژ بە

مرۆڤایەتی دەبینێت و بە توخمێکی سەرەکی بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دادەنێ (Human Rights Watch، ٢٠١١).

**دادپەروەری (عەدالە) لە ڕۆژنامەی "کوردستان":**

دادپەروەری (عەدالەت) لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی: "کوردستان" ڕووبەڕێکی زۆری پێدراوە و لەو (٣٠) ژمارەی بەردەست، (٥٣) جار ناوی هاتییە، کە دەکاتە ئەوەی، لە هەموو ژمارەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسی لێوەکراوە. هەر بۆیە دەستەواژە یان تێرمی، "دادپەروەری" لای بەدرخانیان بە گشتی و بەتایبەتیش لای میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولڕەحمانی بەگی برای، لە وشەیەک و دەربڕینێک زۆر زیاترە، چونکە بۆ ئەوان تەنیا یەک لایەنی ژیان ناگریتەوە، بەڵکو هەموو کایەکانی ژیان و بەتایبەتیش، فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی...هتد دەگرێتەوە. ئەوان دەیانبینی، کە عەدالەت لە سیستێمی بەڕێوەبردنی وڵات و دەوڵەتی عوسمانی نییە، لە دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەناو خاکی تورکیا و بڵاوکردنەوەی لەناو شارەکانی کوردی و دەوڵەتی عوسمانی بوونی نییە، لە چاپ و پەخش، لە دابەشکردنی پلە و پایە، بەرتیل و گرتنی تێکۆشەر و دەربەردەکردنی نوخبەی ناو دەوڵەتی عوسمانی نییە و لە هەمووشی خراپتر لەناو دەوڵەت و لە حوکمداری و دانانی یاسا و دەستور نییە، کە هەموو دەکاتە ئەوەی، تێرمی "دادپەروەری" بە مانا پڕ و تێرەکەی لەناو دەوڵەتی عوسمانی غیابە و بوونی نییە، هەر بۆیەش ناچارن لە دوورەوڵات، ڕۆژنامەکەیان دەربکەن.

**خشتەی(١)**

دووبارەبوونەوەی وشەی عەدالەت

لە ڕۆژنامەی "کوردستان" بەپێی ژمارە و لاپەڕە

| ژمارەی ڕۆژنامە | لاپەڕە یەک | لاپەڕە دوو | لاپەڕە سێ | لاپەڕە چوار |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە: ٢ | | ٣ | ٢ | |
| ژمارە: ٤ | | | | ١ |
| ژمارە: ٥ | | ١ | | |
| ژمارە: ٩ | | ٤ | ٢ | |
| ژمارە: ١٠ | ١ | ١ | ٤ | |
| ژمارە: ١٢ | ٣ | | | |
| ژمارە: ١٣ | | ٥ | ١ | |
| ژمارە: ١٥ | | ٦ | ١ | |
| ژمارە: ١٦ | | ١ | | |
| ژمارە: ١٧ | ٢ | | | ١ |
| ژمارە: ١٨ | | | ١ | |
| ژمارە: ٢٠ | | ١ | | ١ |
| ژمارە: ٢١ | ١ | ١ | | |
| ژمارە: ٢٢ | | ٢ | ١ | |
| ژمارە: ٢٨ | | ١ | | |
| ژمارە: ٢٩ | | ١ | ١ | ١ |
| ژمارە: ٣٠ | ١ | | | |
| ژمارە: ٣١ | | | ١ | |
| کۆی گشتی | ٨ | ٢٧ | ١٤ | ٤ =٥٣ |

لە خشتەی (١) بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە وشەی عەدالەت لە ڕۆژنامەی "کورستان" بە پلەی یەک لە لاپەرە دوو (٢٧) جار و پلە دوو (١٤) جار لە لاپەڕە سێ هاتییە. ئەوەش پەیوەندی زیاتر بەوە هەیە، کە لە لاپەڕە دوو و سێ، زیاتر گوتاری درێژ و تێر دەنووسرێن. هەر لەو خشتەیە، لاپەڕە (١) بە پلە سێ هاتووە، چونکە لەو لاپەڕەیە لەبەر ئەوەی کلێشەی ڕۆژنامەی

کوردستان نزیک لە نیوەی لاپەڕەی گرتووە، هەروەها لە زۆربەی ژمارەکان نامە بۆ سولتان عەبدولحەمیدی دوو نووسراوە، نامەکانیش بێلایەنانە و بە ڕێزەوە ڕوویان لە سولتان کردووە، بۆیە کەمتر وشەی عەدالەت بەکار هاتییە و لە لاپەڕە چواریش بە هەمووی (٤) جار ناوی عەدالەت هاتییە، بەشێک لەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە لەو لاپەڕەیە کورتە هەواڵ یان شیعر یان تەواوکردنی گوتارەکان داندراین، بۆیە کەم ئەو دەستەواژەیە بەکار هاتووە.

نەبوونی "عەدالەت" لەناو دەوڵەتی عوسمانی بۆ گەلی کورد، بێگومان پێش دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی "کوردستان" هەبووە بۆیە، میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەگ، بایەخی زۆریان بە پرسی دادپەوەری "عەدالە" دایە بەتایبەتیش، کە بینیان ڕۆژنامەکەیان نەک ڕێگای چاپکردنی لە ئیستانبۆل پێنادرێ، بەڵکو بڵاوکردنەوەی خوێندنەوەشی لە سەرتاسەری وڵات قەدەغەکرایە.

**دادپەروەری (عەدالەت) لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی "کوردستان":**

لە (٣٠) ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ١٨ ژمارە جارێک یان زۆر زیاتر تێرمی (عەدالەت) ناوی هاتووە. لەخوارەوە شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی هەندێ لەو گوتارانە دەکەین، کە باسیان لە دادپەروەری و جۆرەکانی دادپەروەری کردییە.

بۆ پەیداکردنی متمانە و هەبوونی پەیوەندییەکی باش لە نێوان خوێنەر و سەرنووسەر یان دەستەی نووسەران، گرنگە ئەگەر بەڵێنێک بە خوێنەر بدرێ، بەڵێنەکە بەجێ بگەیێندرێ. لە ژمارە(٣، ل.٣) میقداد مەدحەت بەدرخان بەڵێنی بە خوێنەرانی دایە لەسەر شەڕی ئەمریکا و ئیسپانیا بنووسێ. (شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسپانیا لە ٢٥ی نیسانی ١٨٩٨ دەستپێکرد و لە ١٢ی ئابی هەمان ساڵ تەواوبوو. ئەو شەڕە لە کوبا دەستپێکرد و لە ماوەیەکی زۆر کەم پوێرتۆ ڕیکۆ، فیلیپین و گوم لە (ئۆقیانوسی ئارام)ی گرتەوە.).

لە ژمارەی داهاتوو ئەو بەڵێنەی خۆی بەجێ گەیاندووە. ڕاستە بەدرخان باس لە کێشە و شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسپانیا دەکا، بەڵام هەموو ئەو

کێشە و شەڕ و ناخۆشییانە، هۆکەی بۆ نەبوونی عەدالەت و بە بەڕێوەبردنی وڵات دەبەستیتەوە. (پاشی خلیفە یین وان عدالت بردان دست خرابی ی کرن علم ومعرفت نەما وزیر ووالی یین وان ژی دست برطیلا کرن میر وآغایان ژی وک حضرت نبی علیە السلام گوتی : "الناس علی سلوک ملوکهم"). لەم کۆپلەیە و لەو گوتارە میقداد مەدحەت بەدرخان باس لە ئیسپانیا دەکا، بەڵام وەک ئەوەی باس لە دەوڵەتی عوسمانی بکا، کە بەرتیل هەموو کەلێن و قوژبنێکی گرتوتەوە، عەدالەت نییە...هتد.

میقداد مەدحەت بەدرخان، بۆ نووسینی ئەو گوتارەی، کورتە باسێکی مێژوویی بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی دەنووسی، بەڵام وەک دیارە داتا و زانیارییەکان زۆر تەواونین (زمانی ملوکین امویە لە اندلسی سایا علم ومعرفتی ظانین کو عردک وها هیە هن قوی ژعالمین وان گمی یا سواربین چون کشفا امریقایی سر بحرا محیطا اطلاسی گران ژهن سببا نەکارین گلک بگرن لو ما تو عرد نەدیتن ظگران لی هن علامت دیتن کو عردک دی سردنیایی هەی). زانیارییەکانی ئەم گوتارەی میقداد مەدحەت بەدرخان زۆر تەواونییە و کەموکورتی لە فاکتەکە هەیە. کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس (Christopher Columbus) پێشتر نەیدەزانی خاکێک لەو جۆرە هەیە. ئەو وای دەزانی بە ڕێگای ڕۆژئاوا گەیشتۆتە هیندستان، هەر بۆیەش ناوی (هیندی) لە خەڵکی ڕەسەنی ئەمریکی نرا. کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس لە ساڵی ١٤٩٨ ئەمریکای نەدۆزییەوە، وەک لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا هاتووە، بەڵکو لە ساڵی ١٨٩٢ ئەو ئەمریکای دۆزییەوە. (پاشی ١٤٩٨ تاریخا میلادی انکو بری چارصد صالا فرنگک ناڤ وی (قرستوف قولومب) چو گلک گرا آو عرد امریقا دیت). //ژمارە چوار: (٢١ مایس ١٣١٤)// دواتر ئاشکرا بوو، زۆر پێش کۆڵۆمبۆس، ڤایکینگەکان (سکەندەناڤییەکان) بۆ ئەمریکا چوون. شوێنەوارناسەکان لە هەڵکۆڵین، زۆر پاشماوە و خانووی ئەوانیان لە کەنەدا و ئەمریکا دۆزیتەوە.

میقداد مەدحەت بەدرخان، بە هەمووی پێنج ژمارەی لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە میسر دەرکرد و ژمارەکانی دواتر عەبدولڕەحمان بەدرخانی

برای، بە هەمان هەناسە و بەرگری کردن لە کورد بەردەوام بوو. ڕاستە دوو کەس، دوو برا ئەو ڕۆژنامەیان دەرکردووە، بەڵام ئامانج و ناوەڕۆکیان لەیەک زۆر نزیک بووە. لەو گوتارەی خوارەوە عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا زادە داوا لە کورد دەکا، لەماڵ دانەنیشن و خەبات بۆ مافەکانی خۆیان بکەن، نامە بنووسن و داوای هەقی خۆیان لە مەئمورەکانی دەوڵەت بکەن. (اون ژی وک وان مظلومین خنکار رە بحثا ظلما مرووین وی ژیرە بنفیسن . عدالتی ژی بخوازن. بلا مأمورین قنج ژ وەرە ریکت . هرین نک مظنن خوە ژوان رە بیژن بلا او خنکار رە کاغذکی ریکە . هکە کوە ندان وە دیسا بنفیسون هکر دیسا کوە ندان وە بلا یک دو سرکین وە رابت بی استانبۆلی بلا عرضحالکی بدە خنکار ارمنی سرقنجیا خوە خوە ددن کوژتن اون چرە خدمتک هندە کچک ناکون . کردارە عارە بن ظلمیدە بمینن لوما چاوین فکون بخە بتن بطالی یی بردن هنکی مروو بخە بتە حوقاسی دست مروو دکەوە). //ژمارە حەوت: (٢٣ تشرین اول ١٣١٤)// دوا کۆپلەی بەدرخان پاشا زادە، لە ڕەچێتەی چۆنییتی خۆڕزگاردن لە مەئموری خراپ و ژیانێکی خۆشتر بۆ کورد دەچێ. کورد نابی لەماڵ دابنیشن و چاوەڕێ بکەن، ئازادی و عەدالەتیان بۆ بنێردرێ، بەڵکو ئەوان دەبی خەبات بۆ بچووکترین مافی خۆیان بکەن. دەبی نامە بنووسن، دیسان نامە بنووسن، بچنە لای گەورانی خۆیان، تکایان لێبکەن، لەو کولەمەرگی و ژیانە ناخۆشە ڕزگاریان بکەن، ئەگەر لەسەر ئاستی لۆکاڵ کێشەکان چارەسەر نەکران، با بۆ ئیستانبۆل بچن و داوای مەئموری باشیان لێبکەن. کورد دەبی چاو لە ئەرمەنییان بکا، کە ئەوان بۆ گچکەترین مافی خۆیان، گیانیان دەکەنە قوربانی.

لە ژمارەکانی سەرەتایی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە نەرمی ڕەخنەیان لە دەوڵەتی عوسمانی دەگرت، لەگەڵ کات، ڕەخنەکان توندتر و ڕوونتربوون و داوای عەدالەتیان دەکرد و دژ بە شەڕ و کۆمەڵکوژی ئەرمەنی وەستانەوە. لەو نووسینەی خوارەوە عەبدولرەحمان پاشازادە، بە ئاشکرا ڕەخنە لە دەوڵەتی عوسمانی دەگریت و بەرگری لە ئەرمەن دەکات و بۆ بەهێزکردنی ناوەڕۆکیش، وشەی (لکن) و (حیفا من دتیت) چەند جارێکی دووبارە

کردیتەوە. (لکن حیفا من اوه بیست ساله که اف حکومتامه یکجار ژ ری درکتی یه. مامورین حکومتی ها ژ حق و عدالتی نمانه هما فدکرن فیدا خوه. ژ وه یک بی کنهه دگرن دافیژن حبسیده ده پراژ وی بستینن. شکاتاوی حالی سر مظنایه دفی علما مأمورین هول خائن بینن سر ری . هکر نه اون کنهی خدی و پێغمبر خلاص نابن). //ژمارە هەشت: (١٨ تشرین ثانی ١٣١٤)// پێش کۆتایی هێنان بەو نووسینە، کە هەموو خراپە و کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری بە ئاشکرا دەخاتە ئەستۆی زاناکان و بەوەش ناوەستێت و بە ئاشکرا دەنووسی، لەجیاتی کورد، ئەو مەئمورە جاش و خۆفرۆشانە دەربکەن و دژایەتییان بکەن، بە پێچەوانەوە دۆستایەتییان دەکەن. (حیفا من تیت از دبهیسم کو میر واغایین کردا شونا وان مأمورین ظالم بالاتفاق ژ ولاتی خوه دربینن بالعکس اوژی دبن هاوالی وان دبن الاتی فسادا وان سرپشانگی سر رتبەکی خدمتا وان مأمورین منافق دکن. پی فی حالی مالا خوه خراب دکن نک خدی رو رش دبن. چکو پێغمبر امر کریه "لا یبلغنی احد من اصحابی شیئا ان اخرج الیهم وانا سلیم الصدور). // هەمان ژمارەی پێشتر)// ناوەڕۆکی ئەو نووسینە زۆر بەهێزە و پاش ١٢٥ ساڵ، هێشتا هەنووکەیی خۆی لەدەست نەدایە. لێرە پیشاندەدا، خەڵکی خۆفرۆش و جاش هەبوون، لەجیاتی مەئمورەکانی تورک لە کوردستان دەربکەن، بەداخەوە دۆستایەتییان دەکەن و خزمەتی ئەو مونافقانە دەکەن. بەم جۆرە ئەوانماڵی خۆیان کاول دەکەن و لای خوداش ڕووڕەش دەبن.

لە کۆتایی ستوونی دووەمی لاپەڕەی دووی ژمارە (٩) گوتارێک بەناوی: (ثبات الملک بالعدل) نووسرایە و بەو ڕستەیەی خوارەوە دەستپێدەکا: (ولاتک بی عدالتی دست خلقی وی ولاتیده دەمینه . کلی کرد نو اون قنج بظانبن کو هکر ولاتی وەده مأمورین سروه ژ عدالتی دور کتن . ولاتی وه دست خویده نامینه ، نهو کردستان ژی وکه ولاتین دبن ترکا بن دستی عبدالحمید دەبه مأموررین سروه عبدالحمید ریدکه لکن خویی کردستانی کردبن وکی نیارک هات سر کردستانی کردی خوه بدن کژتن). //ژمارە نۆ: (٣ کانون اول ١٣١٤)// ئەم گوتارەی عەبدولڕەحمان پاشا زادە وەک گوتارەکەی پێشتر

بۆنی خەبات و تێکۆشانی لێدێ. لێرە باس لە عەدالەت دەکا، بۆ یەکەم جار لەو ڕۆژنامەیەی باس لە کورد دەکا، کە لە ژێردەستی تورکدایە. ئەو دەنووسی، وڵاتی کوردان لەژێر دەستی تورکدایە و سوڵتان عەبدولحەمید مەئموری تورک بۆ کوردستان دەنێری. لێرە باس لە عەدالەت دەکا، بەڵام قەت باوەڕ ناکا، ئەو عەدالەتەی عەبدولڕەحمان پاشا زادە دەیەوێ، لەژێر دەستی سوڵتان عەبدولحەمید بێتە دەست یان وەگیر بکەوی.

عەبدولڕەحمان بەدرخان، عەدالەتی تەنیا بۆ پیاوی کورد داوا نەکردووە و لەسەری نەنووسیووە، بەڵکو بۆ ژنیشی داواکردووە و بۆیەش دەنووسێ: (دە فیدا هر جمعیتک محتاج رئیسە لکن دەفی او رئیس لایقی وی مقامی خوەبت.). (چاوە بابک ان دایکک مالا خودە زاروین خوە برحم وشفقت خدان دکە پادشاهک ژی دفی بوی نظری فکرت بی بن دست خوەدە. او مرووی دە رئیسی جمعیتی خوی قدر واعتبارە شایان اطاعتە لکن بوی شرطی کو هکر او مروو افرادین بن دست خوە رە بعدالت معاملە بکە... جمعیتک محتاج رئیسە لکن او رئیسی یعنی اوپداشاە زیدەتر محتاجی افرادین بن دست خوەدەبە. هکر اوافراد خوە ژی بدن الیکی دست وی پادشاهیدە تو فوت نامینە اوژی دبە مرووک عادی تو اعتبارا وی نامینە). //ژمارە دە: (٢٤ کانون اول ١٣١٤)// بەڕاستی جوانی نووسییە، هەتا ئێستا وەک ڕەچێتەیەکی زۆر جوانی بەڕێوەبردنی وڵات دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێ. جاری یەکەمە، میرێکی کورد، باس لە گرنگیی سەرۆک دەکا، بەڵام لە هەمان کات دەنووسێ، سەرۆک، سەرۆکە، چونکە خەڵکی هەیە، ئەگەر خەڵک لەپشت سەرۆک نەمینێ، ئەوکات سەرۆک دەبیتە هاووڵاتییێکی ئاسایی، بۆیە سەرۆک دەبی خزمەتی هاووڵاتی خۆی بکا. لە نووسینەکانی پێشتری هەمان بیرکردنەوەی بۆ ئاغا و میر و بەگانی کورد نووسیووە، کە ئەوان هەن، چونکە کرمانج هەیە، ئەگەر کرمانج نەبی، میر و ئاغا و بەگ هیچ پێویست نین. ئەو لێرە ئەو بیرۆکەیەی (یەکسانی لە کۆمەڵ) پێش خستییە. لێرە فەلسەفییانە لەو کارەی سەرۆک دەڕوانی: (لکن افراد محتاج رئیس اورئیس محتاج افرادە رئیس دفی توجا ژ عدالتی جدا نبت. هکە نەجاوە وکی بابک فنکری مالا خوە ژن

وزارۆیین وی پریشان دبن ولی هکر رئیس نتوبه او جمعیت پریشان دبه.) //هەمان سەرچاوەی پێشتر)// ئەو گوتارە زۆر قووڵترە، لەوەی زۆر لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی کورد تێیبگەن، بۆیەش تا ئێستا یەک دێڕی لەسەر نەنووسراوە و ناوەڕۆکی شینەکراوەتەوە، هەر باسیش نەکراوە.

لە ژمارە (١٢) عەبدولرەحمان بەدرخان بەجۆرێکی دیکە لە دەرگای عەدالەتی دایە و لەسەری نووسیووە. ئەگەر میر و ئاغایان بەرگری لەخۆیان و لە کورد نەکەن، شەرەف و ناموس لەدەست کورد نامێنی، بۆیە دەبی بەرگری لەخۆیان بکەن و نابی ژێردەستی قبوڵ بکەن. (توجارا خدی نابیژه اطاعتی ژ خندکارا ظالمره بکن. چونکه اف اطاعت موجب فلاکتا ملتی دبه. عدالتا خدی وی حالی قبول ناکه. پادشاهک وی دمی دبه اولی الامر هکر بعدالت به. هکر پادشاه ظالم به دفی ملت وی پادشاهی بهر صورت ژسر خوه باویژه.) //ژماره دوازده: ١٨ی شوبات ١٣١٤)// ئەو گوتارەی بەدرخان پاشازادە عەبدولڕەحمان هەموو لاپەڕە یەک و بەشێک لە ستوونی دووی لاپەڕە دووشی لە ژمارە (١٢) گرتییە. گوتارێکی یەکجار جوان و باشە، خاڵبەندی چاکە، زمانێکی باشی بەکار هێناوە، خوێنەر بە ئاسانی لە مەبەست و پەیامی نووسەر دەگا.

عەبدولرەحمان بەدرخان لەژێر ناونیشانی: (کاغذکه ژ کردستانی هاتی) تەواوی نامەکەی بڵاوکردۆتەوە، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە عەدالەت لە ڕۆژنامەی "کوردستان" هەندێ کۆپلە، کە پەیوەندییان بە دادپەروەرییەوە هەیە، وەک خۆی دەنووسینەوە: (الحمدلله زوی خالق کون ومکانره کو کرمانجژی لعالمی دان ناس کرن. خدی علم و عمری میرمه زیده بکه زمانی بابی ته جنتمکان بدرخان بگی حمی کره دستان لسایا عدالتاوی معمور وراحت بی نهاژی الحمدالله لسایا علم وقلماوه پاش نهو کرمانج حمی وی مسعود وبختیار ببن . میری من هونژی دظانن کو کرمانج بخلقتا خوه نوعک ژ بنی آدمین ممتازین شجیعن جوامیرن. کمیا وان علم ومعرفته سایا وه باذن و کرما خدی تعالی پاش نهو وی میلا علم ومعرفتیژی بکن. افه دوسه هیفه جریدەیا کردستانی تیت ولاتین مەلی مأمورین حکومتی ناهیلن ام سربست بخونن دکرن دست

کی ببینن وی مروفی حبس واذا ذکن دیسا ژی کرمانج حمی کلک میلا جریدەیی دکن ژی نابورن . فی ریده امی کلک تشتا فدا بکن حتی وک قوم وملتین دی ام کرمانج ژی صاحب ترقی بین . از وە امید دکم کو سلطان عبدالحمید قنجیا مە دقی لی اف والی وقائمقام ومدیر حاصلی چقاس مأمورین ریدکە لسرمە کلک ظالم وبی انسافن اوان کردستان خراپ کر.). //ژمارە سێزدە: (٢٠ مارت ١٣١٥)// لەم نامەیە، نووسەر باس لە ڕەوشی کوردستان دەکات و دەنووسێ، ئەگەر ڕۆژنامە لەدەست هەر کەسێک ببینن، کەسەکە دەگرن. لێرە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، باس لە ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری لەژێر ستەمی سوڵتان عەبدولحەمید دەکا، کە هیچ عەدالەتێک نییە و خوێنەری ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ ڕۆژنامەکەی دەگرن. بۆ دەبێ کەسێک بگیرێ، تەنیا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە، کە لەو ڕۆژنامەیە، هیچ تەشهیرێک بەرامبەر بە هیچ کەس بەرچاو ناکەوێ.

نووسەری نامە، ئومێدیشی زۆرە، کە میری ئەو، بەو کارە جوان و پێویستە هەڵدەستی. (از هیفی دکم فیژی بنفیسە کوفان نزیکیا درین ژدست خنکار در کتین وک بلغارستان و کریدی حمی سببا ظلما مأمورابی اف معلوم عالمە کو عدالت لکی ملی بە مروو خوە دیدە وی ملی. بیژە خنکار (العدل اساس الملک) حیفا من تیت مأمورین وی نەعادلن ظالمن خائنن بی انصاف ومروتن هرنفعا خوە لفلا کتامە دکرن .). //هەمان سەرچاوەی پێشتر// لەم نامەیە، ئاماژە بە بولغاریا و کرێتا درایە، کە دەوڵەتی عوسمانی هەردووکی لەدەست دایە، چونکە مەئموری ناعادل و زاڵم و خائن و بێ ئینساف حوکمیان لەوێندەر دەکرد. بە تێڕوانینی خاوەن و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەگەر عەدالەت لە حوکمڕانی نەما، ئەوا هیچ شتێک نامێنێت و هەمووی لەدەست دەچی، وەک نموونەش بولغاریا و کرێتا باسیان کرایە. بێگومان هەقیقەتێک لەو تێڕوانینە هەیە، کە بۆ ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمیش دەگونجێ.

لەهەمان ژمارە، بەدرخان بەگ وەک نموونەی باشی حوکمڕانی، باس لە باپیرانی خۆی دەکا، کە چۆن دادپەروەرانە حوکمی وڵاتیان کردییە. لە

گوتــارێکی دوور و درێــژ بەنــاوی: (بەدرخــان بەگ)ی نووســییە و تێیــدا نووسراوە، کە بەدرخان بەگ لە ساڵی ١٢٥٠ بۆتە حاکمی کوردستان. (وی زمانی کردستان ناف دستی مأمورین حکومتی تالان دبی. مأمور حمی چافین خوه سر اموالین کردا فکری بین حجی یی رشوت ندا مأمورا بافتراکی نفی و حبس دبی وقتا کو بدرخان بگ ژشری بنزیی عودت کر کردستان فی حالیده بی یعنی دست ظلما مأمورا پریشان دبی لکن وقتا بدرخان بگ جبهی خوه رونشت چقاس قبائل وعشایر بن دست وی هبین ژوی ظلما مأمورا خلاص کر نهشت تو مأمور لسر افرادین بن دست وی تو نفوذی اجرا بکن وبعدالت عشائرین خوه اداره کر. اف عدل و آسایشا لناف قبائلین بدرخان بکی مسموع عشائرین جواربی حجی اغایی اف امن و آسایشا بدرخان بکی بهیست هات التحاق وی کر و به وی حالی کلک عشیرتین دی التحاق بدرخان بکی بین وخوه ژ ظلما مأمورا خلاس کرن ژوی سببی نفوذو حاکمیا بدرخان بکی ژی کلک توسع کر. کردستان حمی عناد ولاتی حکاریا کت بن حکمی ویده). //ژمارە سێزدە: (٢٠ مارت ١٣١٥)// زۆر جوان لەسەر بەدرخان بەگی باپیرە گەورەی نووسیووە. ئەوە تەنیا نووسینێک نییە، بخوێندرێتەوە و بەسەری پازبدرێ، بەڵکو باس لە سەردەمێک دەکا، کە پاشا هەبوون عەدالەتیان لە وڵاتی خۆیان چەسپاندبوو، بۆیە لە شوێنەکانی دیکە دەهاتن لەو دەوڵەت دەژیان، بۆ ئەوەی بەدرخان بەگ لە زوڵم و زۆرداری بیانپارێزێ. کەواتە ئەگەر جارێک عەدالەت لە وڵاتێک بەرقەرار بووبێ، دەکرێ جارێکی دیکەش عەدالەتی بۆ بگەڕێتەوە، بۆیە زیاتر پێویست ناکا هیچ بترسن، بەڵکو دەبێ بەرگری لەخۆتان بکەن، خۆتان لەدەست مەئمورە زاڵمەکان ڕزگار بکەن.

یەک لە گوتارە هەرە جوان و تێرەکانی عەبدولڕەحمان بەگ لەسەر دادپەروەری و شیکردنەوە بۆ چەمکی دادپەروەری و تێڕوانینی فەلسەفیانە بۆ دادپەروەری لە ژمارە (١٥) نووسراوە، کە بۆ هەموو سەردەمەکان و هەموو کۆمەڵگایەک دروستە. (هکر عدالت ولاتەکی نبیت لەوی ولاتی اسایش نامینە هکر آسایش نماوی ولاتی میژا اینی نابە زیرا وکی عدالت وآسایش نما

مهابتا مسلمانا سرنيارا نامينه دەفيجا وكى مسلمان حمى جامعى لسر ميژا انى نيارى هجوم بكه وان حميا بكوژه. افه ژوى حالى معلوم دبه كوزمانى خنكارى نەعادل ميژا اينى نەجائزه منا عليه اوخنكارى زمانى وبده ميژا اينى تابه بى شک اطاعت ژيره كفره). //ژمارە پازدە: (٢٢ نیسان ١٣١٥)// ئەگەر عەدالەت نەبی ئاسایش نابی، ئەگەر ئاسایش نەما، فەرزەکانی ئایین ناتواندرێ وەک خۆی جێبەجێ بکرێ. بۆیە ئیتاعەتکردنی سوڵتان جائیز نییە، چونکە هەموو ئەوکارە خراپانەی لە وڵات ئەنجام دەدرێ، خەتای سوڵتانە. بەدرخان لە هەموو نووسینێک هەوڵدەدا، دژایەتی سوڵتان و دەستەڵاتی مەئمورە ستەمکارەکان بکا. ئەو بۆ خوێنەرانی حەقیقەتێکی تاڵ باس دەکا، کە خەڵک ناوێرن بەو جۆرە بنووسن و قسە لەسەر مەئمورەکانی عوسمانی بکەن.

پاش نزیکەی (١٢٥) ساڵ لە دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لە هیچ ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی کوردی بە ڕاستەخ خۆ و ناڕاستەوخۆ، بە ئەندازەی ڕۆژنامەی "کوردستان" باس لە دادپەروەری نەکرایە، لەسەری نەنووسرایە و هەموو کەموکورتییەکانی کۆمەڵگای لە ئەنجامی نەبوونی دادپەروەری ئاماژەی پێنەکرایە. ئەوە جێگای شانازی هەموو کوردێکە، کە بناخەی ڕۆژنامەگەری بەو ئەندازەیە پتەوە. بەدرخان سڵ لە هیچ ناکاتەوە و ڕای خۆی بە ئاشکرا دەنووسێ. لەوەش گرنگتر، میقداد مەدحەت پاشا و عەبدولڕەحمانی برای، میرانی کوردبووین، بۆیە کاریگەری تێرمی (عەدالەت) لەناو کۆمەڵگا، بەجۆری دیکە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و پیشانی دەدا، کە میرانی کورد، بەو ژیان و ستەمەی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە کورد ڕازینین. (انسان نافى بن دستى پادشاهى ظالم بسكنه . انسان ژ پادشاهى ظالم درفه على الخصوص وكى صاحب غيرت و حميت به). //ژمارە حەڤدە: (١٥ اغستس ١٣١٥)// لەهەر شوێن و دەڤەر و وڵاتێک ئەگەر زوڵم هەبێ، دیارە دادپەروەری نییە، ئەگەر دااددپەروەریش نەبوو، دیارە خەڵک ناچارن وڵات جێبێڵن و لە ئاوارەیی و دەربەدەری بژین.

هیچ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "کوردستان" نابیندرێ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بابەتی عەدالەتی تێدا نەنووسرابێ یان شرۆڤە نەکرابێ، چونکە

بەدرخان هەموو کێشەکانی کۆمەڵ بە عەدالەتەوە گرێ دەدا. نووسینەکان باس لە سەردەمێک دەکەن، کە کورد هیچ مافێکی نەبووە، تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بووە، چەوساوەتەوە، لە مافە سەرەتاییەکانی بێبەشکرایە، خوێندنەوە و بڵاوکردنەوە و چاپکردنی ڕۆژنامەی لە وڵات لێ قەدەغە کرایە. هەر لەو گوتارەی باس لەوە دەکا، کە ئەوانەی داوای عەدالەت دەکەن، ژمارەیان گەلەک زۆرە. ئەوان داوای مافێک دەکەن، سوڵتان و دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی پێیان ڕەوا نابینی، ناوەستن و خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەکەن.

لە زۆر لە نووسینەکانی عەبدولڕەحمان بەدرخان باس لە عەدالەت دەکرێ، بەڵام هەموو هەوڵ و خەباتی ئەو هەڵبژاردنی ڕێگای ئاشتی و هێمنییە. لەزۆربەی نووسینەکان، بۆ وەگیرکەوتنی ماف، ڕێگاییەکی ئاشتی و هێمنانەی هەڵبژاردییە. ئەو تکایان لێدەکا، نامە بنووسن، قسەیان لەگەڵ بکەن، هەتا ئەوان تێبگەن، کە ئەوەی دەستەڵات دەیکا، ڕێگایەکی دروست نییە. (ایرو او روژە کونە ملتک حتی شخصک سری خوە حقی خوە ژحکومتی دخوازە حقی خوە لنک پادشاە ناهیلە. ازهرە دبینم دولتین بیانیادە وکی حکومت حقی یک مرووی غصب دکە ملت حمی حقی وی مرووی دعوا دکە بەوی صورتی هر عدالت دوام دکە). //ژمارە هەژدە: (٢١ ایلول ١٣١٥)// عەبدولڕەحمان بەدرخان بەگ زۆر جوانی نووسییە، کە دەڵێ: هەر کەس لەسەریەتی مافی خۆی لە حکومەت داوا بکا، مافی خۆی لای پاشا داوا بکا. لە دەوڵەتی بیانی، ئەگەر حکومەت مافی یەک کەس بخوا، هەموو خەڵک داوای وەرگرتنەوەی مافی ئەو کەس دەکەن، بەم جۆرە عەدالەت بەردەوام دەبیت و کەس چاوی لەوە نییە، مافی خەڵکی دیکە بخوا.

سەرگوتاری ژمارە (٢١) بەناوی: (ئیستانبۆل) نووسرایە و بەو شێوەی خوارەوە دەستی پێکرایە: (اڤە پیلە کە حالی ئیستانبولی کلک مدهش بییە. ظلما حکومتی هر روژ زیدە تر دبە . ایدی تحملا خلقی نمایە . تو روژ نینن چند مرووک حبس ویا نفی نبن توخانی تو عائلە نمانە نە ماتمیدە. مابین ژ مظلومان تژی بیە . کسیرە امنیت نمایە خنکار ڤی حالی دبینە شونا بە عدالت حرکت بکە ژ ترسا خوە یکجار ظلما خوە زیدە دکە . هما ژکی پچکی شبهە

بکه بلا محاکمه بلا تحقیق وی محکوم دکه .). //ژمارە بیست و یەک: (٢٩ کانون اول ١٣١٥)// بە گوێرەی ئەم گوتارەی عەبدولڕەحمان بەدرخان ڕەوشی سیاسی و ئەمنی ئیستانبۆل بەجارێک تێکچووە، هەر کەسێک کەمێک گومانی لێبکەن، بێ لێپێچینەوە بۆ بەندیخانەی دەبەن یان نەفی دەکەن. لەبەر ئەوەی لە شاری ئیستانبۆل کوردی زۆر دەژین، بێگومان لەناو ئەو گیراوانە کوردیش هەن و لەناو ئەوانیش خالید بەگ هەیە. گرتنی خالید بەگ، کاری زۆری لە عەبدولڕەحمان بەدرخان بەگ کردووە. (اڤ حالی وان مظلوما هو لی دوام کر حتی کو سفیری انکلیز اقنور ژ مسئلەیی خبر دار بی . ژڤی معاملا حکومتامه کلک متأثر بی . خنکار ره خبر ریکر. کو او مرووین وه جلس کری تو جرما وان نینه . بالعکس حرکتا وان شایان تقدیره حبس کرنا وان محض ظلمه . هکر اون زو وان برندن ازی نهو ژولاتی وه هجرت بکم. وکی خنکار اڤ خبر ستاند ترسا او مروو حمی بردان لکن بری تخلیا وان عرضحالک له وان دا مهر کرن وی عرضحالیده جبرا له وان دا نڤیساندن کو او مروو ژ عدالت مرحمتا خنکار کلک راضینه کلک متشکرن.). //هەمان سەرچاوەی پێشتر// سوڵتان لەوانەیە بەنیازبووبێ، بۆ ماوەیەکی زۆر خالید بەگ بەدرخان بگری، بەڵام دوای ئەوەی سەفیری بەریتانیا بەو گرتنەی زانیووە، نامەیەکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ناردییە، ئەگەر لە زووترین کات خالید بەگ و هاوڕێکانی بەرنەدەن، لە وڵاتی وان دەڕوا، لەوکات بێگومان قەیرانێکی نێودەوڵەتی دەستی پێدەکرد، بۆیە سوڵتان ئەو هەڕەشەیەی سەفیری بەریتانی بە هەند وەرگرتووە و یەکسەر هەموویانی ئازاد کردووە، بەڵام پێش ئەوەی ئازادیان بکا، نامەیەکی پێ ئیمزا کردوون، کە ئەوان زۆر لە مەرحەمەتی سوڵتان ڕازین و زۆر مەمنوونی ئەون. هەموو گیراوەکان ئەو نامەیان ئیمزا کرد، تەنیا خالید بەگ بەدرخان ڕەتی کردەوە، کاغەزێکی لەو جۆرە ئیمزا بکا. خالید بەگ وتوویەتی، کە ئەو دەتوانێ ساکاڵانامەیەک بنووسێت و ئیمزای بکات وتێیدا، ئاماژە بەوەبکا، کە لە ژوورەوە زوڵمی لێکراوە.

بەدرخان لە کۆتایی ئەم گوتارەی دەنووسی، کە ئینگلیز بەهانایانەوە

هاتییە و خەڵکی لەژێر زوڵمی سوڵتان رزگار کردووە. (حتی کو انکلیز خبر دستینە وان مسلمانین مظلوم ژ دست غدرا خلیفە خلاص دکە . دار الخلافتیدە مسلمان التجا حمایت وعدالتا انکلیز دکن ). //هەمان سەرچاوەی پێشتر// بەدرخان بەگ کەسێکی دڵسۆز و ئیماندار بووە، لەگەڵ ئەوەش تێگەشتووە، کە عەدالەت لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا نەماوە، بۆیە لە کۆتایی ئەم گوتارەی زۆر جوانی هێنایەتەوە، کە ژیان لەژێر سایەی سوڵتان عەبدولحەمید بە کوێندەر گەیشت، ئیسلام لەژێر سایەی خەلیفەی ئیسلامی، هانا وەبەر ئینگلیز دەبەن و داوای عەدالەت بۆ خۆیان لە ئینگلیز دەکەن.

(مأمورین عبدالحمید ژ ارمنیا رشوت ستاندن مالین وان ضبط کرن اوان کیف کر وەکنە. دڤی اون معصومین ارمنیا محافظە بکن کین و غرضاوە سودای انتقاما وەدفی لە مفدا مخصوص بمینە مقتزای انسانیت اڤە. عبدالحمید هندە ارمنیین مفد قاتل عفو کر لکن وکی مسلمانک دبیژە (من عدالت دڤی) وی نفی دکە دکوژە. کلی کردنو ضررا مأمورین عبدالحمید ایراث وە دکە کی ایراث ناکە نیاری وە اوە نە معصومین ارمنیانە. مقتضبات تجابتا وە لوە کو لون معصوما محافظە بکن دڤی اون حمی متفقین اسباب حریت وعدالتی تهنە بکەن.). //ژمارە بیست و شەش: (١ کانون اول ١٣١٦)//

عەبدولڕەحمان بەدرخان ئەو گوتارەی نووسیووە و تێیدا بۆ خوێنەرانی کوردی ڕوونکردووتەوە، کە دوژمنی کورد سوڵتانە، نەک ئەرمەنی، بۆیە ئەگەر ئێوە هەزار بەڵاتان بەسەربێ، چاوەڕێ مەکەن، سوڵتان مەئموور بنێریت و یارمەتیتان بدا. بەدرخان لەو کاتە ئەو گوتارەی نووسیووە، لە هەمان کات لە ڕۆژنامەکانی تورکیا سەدان وشە وەک: پیر، مردن، خوێن، کوشتن، دوژمن، بۆمب، تەقینەوە، عەدالەت...هتد نووسین و بەکارهێنانیان قەدەغە بوو.

لە ژمارە (٢٨) عەبدولڕەحمان بەدرخان باس لە دروستکردن و هەبوونی سوارەی حەمیدیە دەکا. (اصل مقصد ژ تاسیسا فان سوارا افە کو وقتاکو ارمنی ژ ظلما حکومتی کلک بیزار بین عدالت خوستن. زکی پاشا ترساکو کرد ژی ژ ظلما حکومتی خوە بدن ملی ارمنیا وهردو ملت بە تفاق دست هلنن

لوما عرض خنكار كر تاسيسا فان الايارە اذن خوست. خنكار ژى هردفى تفاقى بكە مابينا ملل و افرادين بن دست خوەدە لوما فكرا زكى پاشا كلك مناسب ديد ودا كردا جلبى خوە وژ ارمنيا دور بكە زو تاسيسا فان سوارا فرمان كر. اف اراها خنكار حوقاس خلاف منافع حكومت بى كو مقام سر عسكرى حيرى ما. لكن حيف كو ناف ملتى وزيرك نمابە كو خوە بر استبدادا عبد الحميد بكرە ايجابا استبدادى ژى اوە كو هن امتيازين زيدە بدە هفن دى دا تفاق وحسد وفسادى دانە مابينا عنصر ملت. افە چند سالەكە كو اف الاى تاسيس بين فى زمانيدە مضرنا اوان لە ولاتى وملتى كرى ناقابل تعريفە).
//ژمارە بيست و هەشت: (١ ايلول ١٣١٧)//

بەگوێرەی ئەم نووسینە، دروستکردنی سوارەی حەمیدییە لەسەر داوای زەکی پاشا بووە، کە لە ڕاپەڕینی ئەرمەنییەکان ترساوە، کورد چاو لەوان بکەن، لەنێوان خۆیان پێکبێن و بەیەکەوە دژ بە دەوڵەتی عوسمانی خەبات بکەن و ڕاپەڕن. بۆ ڕاگرتنی ئەم جۆرە پێکهاتنە و یەکگرتنەی نێوان ئەرمەن و کورد، زەکی پاشا داوای لە سوڵتان عەبدولحەمید کردییە، ڕێگای بدا سوارەی حەمیدیە دروست بکات و سوڵتانیش یەکسەر ڕەزامەندی لەسەر ئەو داوایەی زەکی پاشا دایە و دواتر بە ئارەزووی خۆیان بەکاریان دێنا و خەونی یەکگرتنی کورد و ئەرمەنیشیان لە گۆڕنا.

ئەوانەی سەرەوە چەند نموونەیەک بوون، پیشانی دەدا، کە دادپەروەری (عەدالەت) لە ڕۆژنامەی "کوردستان" بەجۆرێک بایەخی پێدرایە، کە لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دواتر و هەتا ئێستاش بەوجۆرە هەڵوەستەیان لەسەری نەکردووە و لەسەریان نەنووسیووە و لە لاپەڕەکانی خۆیان بەرزیان نەکردیتەوە. هەر ئەو جۆرە هەڵوێست و نووسینانەیە، توێژەرانی کورد هان دەدا، هێشتا زیاتر کار لەسەر یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بکەن، جگە لەوەی عەدالەت یەک لە بابەتەکانی سەرەکی ڕۆژنامە بووە، دامەزراندنی قوتابخانەیەکی زۆر جوانیشە، کە ڕۆژنامەنووسانی کورد لەسەری بڕۆن و لێیەوە فێربن.

## ئەنجامەکان:

ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ماوەی (١٢٥) ساڵی ڕابردوو، بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی دەرچوون و نەبوونی ئازادی و ڕادەربڕین و بێبەشکردنی قوتابییانی کورد لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و قەدەغەکردنی قسەکردن و نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی بۆ زیاتر لە سێیەکی دانیشتوانی کوردستان، پێشوەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیە، بەڵام بێگومان وەک پێویست نییە و هێشتا کەموکورتی زۆرە. بەشێک لەو کەموکورتییانە، پەیوەندییان بە وازهێنان و کارنەکردن لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێشترە، کە نەوەی نوێ نەیتوانییە سوود لە ئەزموون و ئامۆژگاری و ڕاوێژە باشەکانی ئەوان وەربگریت، لە هەمان کاتیش، هەڵە و کەموکورتییەکانیش چابکا.

کارنەکردن لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، زیاتر پەیوەندی بە ڕەوشی کورد، ژیانی کورد، خەباتی کورد و بێبەشکردنی کورد لە ئازادییەوە هەیە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ، خەباتێکی هەقی لەپێناو دەکرد و لە دوای ڕاپەڕینیش قەت نەتواندرا سوود لەو ئازادییە وەربگیرێ، هەتا ناوەندێک یان زیاتر دابمەزرێن و توێژینەوەی پێویست لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارانی پێشتر بکەن.

لە ئەنجامی کارکردن لەسەر ئەو توێژینەوەی بەردەست، بۆمان دەرکەوت، کە بابەتی عەدالەت لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی "کوردستان"، بابەتێکی گرنگ و سەنترال بووە، بۆیە لە سی ژمارە (٥٣) جار ناوی هاتووە، ئەوە جگە لەو شوێنانەی، بە ئاشکرا باس لە غەدر و چەوسانەوە و ڕاونان و دەربەدەرکردنی کوردان دەکا، کە دیسان ناڕاستەوخۆ، پەیوەندی بە عەدالەتەوە هەیە و کوڕانی مەدحەت پاشا بەدرخان لە ڕۆژنامەکەیان بەرزیان کردتەوە.

لە ئەنجامی کارکردن لەسەر ئەو توێژینەوەیە، دەرکەوت، بابەتی (عەدالەت) زۆر گەورەتره لەو نووسین و دەربڕینانە، کە لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەریان نووسراوە، هەروەها خوێنەر بە ئاسانی تێدەگا، هیچ گەلێک بە ژێردەستەیی ناتوانی چاوەڕێی عەدالەت بکا.

## کتێب و سەرچاوەکانی بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێوەرگیراوە:


### ١- کتێب بە زمانی کوردی

١- هەروتی، سەعدی عوسمان پ. ی. د.(٢٠١٤)، کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا. کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکاندا. دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە - چاپی یەکەم.

٢- هرۆری، سەلاح محەمەد سەلیم مەحمود(٢٠١٠) د. مالباتا بەدرخانییان، بزاڤێ یا سیاسی و ڕەوشنبیری. دناڤبەرا سالێن ١٩٠٠–١٩٥٠، ڤەکۆلینا دیرۆکی یە. وەشانێن: ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد – دهۆک.

٣- دلگەش، فەلات(٢٠١٧)، ڕۆژنامەیا کوردی هەرێ پێشی. نوبەهار. چاپا دوویەم. ئیستانبۆل.

٤- کۆچێرا، کریس(٢٠٠٧)، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا. وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف. کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر.

٥- مالمیسانژ، محەمەد(٢٠١٣)، عەبدولرەحمان بەدرخان/ ئەوی (کوردستان)، یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بڵاوکردەوە (١٨٩٨-١٩٠٢). وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی. بنکەی ژین.

٦- سەپان، مەغدید د. (٢٠٢١)، ڕۆژنامەی کوردستان و هەلومەرجی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی. هەولێر.

٧- ڤاسیلیەڤا، یڤگێنیا ئی(٢٠١٨)، دابەشبوونی سیاسی کوردستان ١٥١٤–١٩١٤. تراجیدیای کورد. چاپی روسی سانکت پیترسبورگ. ٢٠١٧. وەرگێڕانی لە زمانی روسییەوە: د. ڕەشاد میران.

### ٢- کتێب بە زمانی ئینگلیزی و سویدی:

1- Alexsnder Andrews. The history of British Journalism. BiblioBazaar, (2011).

2- Nielsen L. Chr., Boktryckerikonstens uppfinning. Malmö, 19003- Åke Edwardson, Kenth Andreasson, Per Andersson–EK. Göra tidning, Värnamo 1998.

### ٣- کتێب بە زمانی روسی:

1- Байбатырова Наиля Мунировна (2010). Современная пресса Турции: жанровые особенности в условиях исламизации и секуляризации общества. Санкт-Петербург .

2- Д. Мильтон, Л. Саламон, Н. Новомбергский. История Печати.

(Антолоия) Т. 1.- М.: Аспект Пресс,
3- 2002.-419 с. (Серия «Классикка журналистики».
4- Михайлов С. А. Журналистика стран северной европы. СПб., 2003
5- Михайлов С. А. Мировые тенденции и национальные особенности в современной зарубежной журналистике. СПб., 2002
6- Михайлов С. А. Современная зарубежная журналистика: состояние، переспективы. СПб.، 1998
7- Сапан М. Печать курдской диаспоры: история и современное состояние. СПб., 1998
*8- Философский словарь — М.: Палимпсест, Издательство «Этерна». Андре Конт-Спонвиль. 2012.*

**٤- کتێب بە زمانی عەرەبی:**

١- احمد، محمد احمد د. (٢٠٠٩)، اكراد الدولة العثمانية تاريخهم الاجتماعي والاقتصادي والسياسي (١٨٨٠-١٩٢٢)، دار سبيرس للطباعة والنشر. دهوك.
٢- مروه، اديب(١٩٦٠)، الصحافة العربية. نشاتها وتطورها. سجل حافل لتاريخ فن الصحافة العربية قديما وحديثا. منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت – لبنان.
٣- عونى، درية(٢٠١١)، محمود زايد، مصطفى عوض. الاكراد في مصر عبر العصور. الطبعة الاولى، القاهره.
٤- صابات، خليل، دكتور(١٩٦٦). تاريخ الطباعة في الشرق العربي. الطبعة الثانية. دار المعرفة.
٥- متولي، محمود د. (١٩٨٠)، تاريخ الصحافة المصرية بين الحريه والرقابة قبل ثورة ١٩١٩.
٦- كامل، نجوى د. ، الصحافة المصرية/ نشاتها وتطورها - استاذ المساعد بقسم الصحافة - كلية الاعلام، جامعة القاهرة.

**٥- گۆڤار و ڕۆژنامە:**

١- ڕۆژنامەی کوردستان، کۆکردنەوەی پێشەکی دوکتۆر کەمال فوئاد، چاپی سێیەم – تاران. ٢٠٠٦.
٢- ڕۆژنامەوانی. ژمارە ٨، ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٢.

**٦- ماڵپەڕی ئێلیکترۆنی:**

1- https://psylib.org/spravedlivost-chto-ehto-takoe-Аристотель о справедливости
2-https://studfile.net/preview/9551800/page:13/Проблема справедливости в «Государстве» Платона
3- https://studfile.net/preview/7386424/page:5/
4- https://www.hrw.org/topic/international-justice

## ملخص البحث

صدور أول صحيفة كوردية باسم: "كوردستان" في ٢١ نيسان ١٨٩٨في القاهرة، فتح باباً كبيرا وضرورياً للشعب الكوردي، فمن خلاله استطاع الكورد مواصلة نضالهم المشروع وإعداد أنفسهم للكفاح بسلام وهدوء. فإصدار أول صحيفة كوردية على يد أمير كوردي جعل هذا النضال أسهل لأن القارئ تلقى رسائلهم ونصائحهم كما كانت هي بشكلها الاصيل.

تطرق أول صحيفة كوردية الى مواضيع عديدة جميعها كانت تكتب لأول مرة في تاريخ الصحافة الكوردية، والحقيقة أنه لم تكن هناك طريقة يسلكها مقداد مدحت بدرخان وأخيه عبد الرحمن بك لملأ محتويات صحيفتهم، ومع ذلك نقييمها كأول جريدة كوردية اصدرتها أبناء مدحت بك في مصر وأوروبا ذات محتوى غني ومرضي للغاية ، يفتخر بها كل كوردي طوال حياته.

عند قراءة جميع أعداد صحيفة كوردستان نرى بانها تطرقت على كل القضاياوالمواضيع، التي تعتبر مهمة جداً للمجتمع الكوردي ليس حينها فحسب، بل لا تزال مهمة جداً ولم تفقد حاضرها، بما في ذلك: التاريخ، السياسة، الأدب، القضايا الاجتماعية، العلاقات الدولية، العدالة، التعليم، الخ. وبذلك تمكن أبناء بدرخان بك من تأسيس أساس جيد جداً وجميل ومتين للصحافة الكوردية.

يعتبر هذا البحث من البحوث الاولى، حول موضوع العدالة في صحيفة "كوردستان" حيث كان جانباً مخفياً في السابق ولم يكتب الباحثون الكورد عن محتوى الجريدة الكوردية الأولى، بل حتى عن الصحف اللاحقة والمعاصرة. إن إهمال هذا الجانب المهم خلق فجوة كبيرة في الصحافة الكوردية ولم يكن بالإمكان الاستفادة من تاريخ وتجارب الماضي بشكل صحيح للتعلم منه.

يتحدث هذا البحث الذي هو بعنوان: (العدالة في صحيفة "كوردستان")، بشكل مفصل جداً عن العدالة في المجتمع الكوردي في ذلك الوقت، وكذلك اخذ تكرارات كل موضوع باخذ عدد مرات اسم الموضوع وبكم عدد وفي كم صفحة وماذا كان الهدف منها والكتابة عنها، حيث تم تحليل كل ذلك والإشارة اليها بالتفصيل. كما تم التحدث عن معنى العدالة وأصلها في التاريخ والحضارة اليونانية القديمة بإيجاز.

## Abstract

The publication of the first Kurdish newspaper, "Kurdistan" on April 21, 1898, in Cairo, opened a great and necessary door for the Kurdish people to continue their legitimate struggle and prepare them for peaceful struggle towards independence.

The publication of the first Kurdish newspaper by a Kurdish emir made this struggle easier because the reader received their messages and advice from their leader. In the first Kurdish newspaper, all the articles were written for the first time in the history of Kurdish journalism. In fact, there was no recipe for Miqdad Madhat Badrkhan and his brother Abdulrahman Beg to follow. Kurds understood that the sons of Madhat Beg in Egypt and Europe published a newspaper with a very rich and satisfying content, that every Kurd alive could be proud of.

Reading all the issues, you can see that the newspaper "Kurdistan" is at the door of all the subjects that are very important for Kurdish society not only then, but still very important and have not lost their relevance, including: history, politics, literature, social, international relations, Justice, education, etc. The sons of Bardkhan Beg were able to establish a very good, beautiful and solid foundation for Kurdish journalism. For the first time, a research on the topic of justice in the newspaper, which was previously a hidden side which Kurdish researchers did not write about, was presented in the pages of the "Kurdistan" newspaper.

The neglect of this important aspect created a huge gap in Kurdish journalism and the history and experiences of the past could not be used properly to learn from. In this study entitled: Justice in the Newspaper ’Kurdistan’, follows a detailed discussion of justice in Kurdish society of that time. Additionally, an analysis is carried out to gauge the frequency of the term "justice" and explore the underlying purpose behind its usage. The meaning and origin of justice in ancient Greek history and civilization was also briefly discussed.